# پشت ئێشەی باو (Kurdish Sorani Translation)

زۆر لە نەخۆشەکان پێکهاتەیەك لە ئازاری پشت، ئازاری قاچ، سڕبوون و لاوازی قاچیان هەیە.  ئەم نیشانانە دەکرێت بێ تاقەتت بکەن بەڵام پێویستی بە چارەسەری پزیشکی بە پەلە نیە. بە دەگمەن و بەڵکو حاڵەتی سەختی پشت ئێشە، نەخۆشی کلکە ئەسپCauda Equina Syndrome ، کە دەبێتە هۆی زیان پێگەیشتنی هەمیشەیی یان کەمئەندامی کە پێویستی بە سەردانی کردنی تیمی پسپۆڕی فریاکەوتنی مۆخی بڕبڕەی پشت دەبێتSpecialist Spinal Team . سەیری دەرەوەی کارتەکە بکە بۆ هەندێك نیشانەی ئاگادارکردنەوەی نەخۆشیCauda Equina Syndrome

MACP Musculoskeletal Association of Chartered Physiotherapists

NHS DynamicHealth

NHS Bolton NHS Foundation Trust

uclan University of Central Lancashire

# نیشانەی ئاگادارکردنەوەی نەخۆشی

## Cauda Equina Syndrome

- لە دەستدانی هەستکردن/ ئازاری شێوەی دەرزی پیاچون لە نێوان دیوی ناوەوەی ڕانەکانت و ئەندامی زاوزێی دەرەوە
- سڕبوون لە یان لەدەوروبەری کۆم و سمتەکان
- هەستێکی گۆڕاو کاتێك کە کلینکسی تەوالێت بۆ سڕینەوەی خۆت بەکاردێنیت
- زەحمەتی زیاتر دەبێت کاتێك کە دەتەوێت میز بکەیت
- زەحمەتی زیاتر دەبێت کاتێك کە هەوڵ بدەیت میزکردننت بیوەستێنی یان کۆنترۆڵ بکەیت
- نەمانی هەستکردن کاتێك کە میز دەکەیت
- چۆڕانی میز یان لەم دووابیە پێویستیت بە پارچە قوماش دەبێت
- نازانیت کە میزڵدانت پڕە یان بەتاڵە
- توانات نامێنێ بەسەر وەستاندنی جۆڵەی پیسایی کردن یان خۆ پیس کردن
- نەمانی هەستکردن کاتێك پیسایی دەکەیت
- گۆڕان لە توانای ڕەپ بوون (ئەندامی نێرینە) و تۆو فڕێدان
- نەمانی هەستکردن بە ئەندامی زاوزێ لەکاتی جووتبوونی سێکسی

**لە حاڵەتی هەرپێکەوە دروستبوونێکی ئازارەکان دەستبەجێ داوای یارمەتی بکە**